www.kurdistannet.org
30-5-2006 1:14بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## وێنەی چەند دیمەنێکی فلیمی" تەمۆ " لە هۆڵی یانەی "میدیـا" لە ئەمستردام گیرا..

ڕاگەیاندنی یانەی کوردی "میدیـا"



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 26-05-2006 کاژێر سێی پاشنیوەڕۆ تا شەشی ئێوارە. لە هۆڵی میدیـا" لە ئەمستردام، چەند دیمەنێکی فلیمی (تەمۆ) تەیمور لە نوسین و دەرهێنانی نوسەر و هونەرمەندی ناسراوی کورد "ئیبراهیم سەلمان" وێنەی گیرا.
زۆربەی کوردان بە گشتی و ڕێکخراوە کوردیەکان لە دەرەوە بە تایبەتی لە هەر بوارێکدا پێیان بکرێ تێدەکۆشن، بەردێک بخەنە سەر بەردێک لە پێناوی ئەو قوربانیانەدا. بۆ ئەوەی " ئەنفال و هەڵەبجە هەرگیز دووبارە نەبنەوە" بۆ ئەوەی مەرگەساتەکانمان بە دنیا بناسێنین، بۆ ئەوەی دەنگی تەیمور (تەمۆ) ی ڕزگاربووی ئەنفالە بەدناوەکان تێکەڵاوی قوربانیانی هۆلۆکۆست بکەین.
ڕاستیان گوتووە بڕینی ڕێگەی هەزاران میل بە هەنگاوێک دەست پێدەکا.
ژمارەیەکی کوردانی هونەردۆستی نیشتەجێی هۆڵەندە و ئەندامان و دۆستانی یانەی کوردی "میدیـا" وەک ئامادەبوونی مەراسیمی پرسەدانان لە کاتی وێنەگرتنی فلیمی (تەمۆ) ، ڕۆڵێکی شایستەیان بینی.
نوسەر و هونەرمەندی ناسراوی کورد "ئیبراهیم سەلمان" سیناریۆیی ئەم فلیمەی نوسیوە، کۆمەڵێک خوێندکاری خوێنگەرمی هۆڵەندی بەشی سینەما، لە ناویاندا کیژە خوێندکاری کورد بێری شەلماشی دەبینرا لە وێنەگرتنەکەدا بەشدار بوون.



ئەم فلیمە بە کوردی و هۆڵەندی لەسەر کارەساتی ئەنفال دەدوێ، چیرۆکی هونەرمەندێکی دەرهێنەر "یارۆ" دەگێڕێتەوە، کە 15 ساڵە لە هۆڵەندە دەژیی و لە پێناوی گەیاندنی دەنگی تەیمور (تەمۆ) ئەو تاقە منداڵەی لە دەستی بەعسیە فاشیستەکان لە ئەنفال ڕزگاری بوو، هاتۆتە هەندەران، نوسەر بەم فلیمەی هاتووە ئەنفال بەرجەستە بکات و بە جیهانی دەرەوە، بناسێنێ.
جێگەی ئاماژە پێدانە، لە کاتێکدا ئەو کەسە خۆبەخشانەی ئامادە بوون بێئەوەی ئەکتەر بن دڵسۆزییان بۆ مەسەلەکە وای لێکردن، بە دەنگ دەرهێنەرەوە بێن و لە دیمەنێکی

ئەم فلیمەدا هارمۆنیانە بە قسەی دەرهێنەریان دەکرد، ، کرۆکی چیرۆکەکە هەوێنی کارەساتی ئەنفالی لە خۆگرتووە لە کاتێکدا "یارۆ" لە هالەی هاوسەری دەبیستێ لە کوردستان دایکی کۆچی دوایی کردووە،




لەبەر بێئقامەیی ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ پرسەکەی بۆ ولات بۆیە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، کە کچێکی عەرەبی دانیشتووی هۆڵەندەیە، بە یارمەتی چەند برادەرێکی کوردی لە هۆڵی "میدیـــا" بۆی دادەنیشن و لە فلیمەکەدا یارۆ هەست بە کەمتەرخەمی و خۆخواردنەوە و دەکات.

زۆرێک لە دیمەنەکانی ئەم فلیمە ماوە وێنەی بگیرێت و زۆریشی لە شوێنە جیاوازەکانی تری ئەمستردام وێنەی گیراوە و نوسەر وابەنیازە تا مانگی سێپتەمبەری ئەمساڵ لە کارەکانی ئەم فلیمە تەواو بێت و لە سینەماکانی هۆڵەندا پیشان بدرێت.

